# هەوڵێکی نوێ لە سیاسیەتی بە کەمینەکردن لە بەرانبەر کوردانی ئێزدی

**عومەر عادل عەبدوڵڵا**

”کەمینەکان بەهۆی ئەوەی ڕێژەیان کەمە و ناتوانن لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی، گۆڕانکاریی گەورە بکەن، زۆرجار لە وڵاتە فرەهێزەکاندا ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و ستەملێکردن دەبنەوە و بە ڕێگەی جیاجیا، چ بەڕێکاری سیاسی بێت، یان سەربازی، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەناوبردنیان دەدرێت؛ بەڵام لەو وڵاتانەی تا ڕادەیەک ئاشتی و دیموکراسی تێیاندا بەرقەرارە، دەتوانن پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن. سیاسەتی بە کەمینەکردن، یەکێکە لەو هەوڵانەی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات پەیڕەوی دەکات بۆ کەمکردنەوە ڕێژەی نەتەوەیەک یان ئایینێک لە وڵاتێکدا.“

مەبەست لە هێنانەگۆڕی ئەم باسە، نیشاندانی ئەو مەترسییانەیە، کە دەتوانێ دوای جیاکردنی کوردانی ئێزدی لە کوردانی دیکە و کوردستان سەرهەڵبدات، کە کۆمەڵێک مەترسیی مرۆیی و نەتەوەیی و ڕامیارین. مەرجە تاکی کورد، لە ڕێگەی کەرەستەی جۆراوجۆرەوە، ڕووبەڕووی مەترسییەکانی سیاسەتی بە کەمینەکردنن ببێتەوە.

سیاسەتی بەکەمینەکردن، یەکێکە لە گەورەترین ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی نەتەوەیەک دەکرێتەوە. لە ڕێگەی نووسراوێکەوە لە پارلمانی عێراقدا، هەوڵ دەدرێت ئێزدییەکان، کە کوردی ڕەسەنی ناوچەکەن، بە کەمینە بکرێن و وردە وردە شوناسی نەتەوەییان بسڕنەوە.

هۆکاری ئەم نووسینە بریتییە لە ڕاستی و دروستیی ڕەچەڵەکی کوردانی ئێزدی کە زۆرجار هەوڵ دەدرێت بە لاڕێدا ببردرێت و وەکوو نەتەوەیەکی غەیری کورد مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

## پێشەکی

نەیارانی گەلی کورد، بۆ لەناوبردن و قڕکردنی تاک بە تاکی نەتەوەکەمان، چ بە ڕێگەی ئاشتی بێت یان جەنگ، هەموو ڕێگەیەکیان تاقی کردووەتەوە. ئەگەرچی هەندێک لەو هەوڵانەیان بۆ ڕۆشتووەتە سەر و ئەنجامیان داوە، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی نەگەیشتوون بەو مەبەستەی خۆیان دەیانهەوێت، ئەویش قڕکردن و لە ناوبردنی یەکجاریی کوردە؛ واتە بە شێوەیەک، هەوڵ بدەن لەو پرۆسەیەدا زۆرترین تاکی کورد لە ناو ببەن. ئێزدییەکان وەکوو بەشێک لە نەتەوەی کورد، بە درێژاییی مێژوو، ڕووبەڕووی چەندین کۆمەڵکوژی و چەوساندنەوە بوونەتەوە. ئەم بابەتە هەوڵ دەدا، تیشک بخاتە سەر نوێترین هەوڵ لە سیاسەتی بە کەمینەکردندا دژ بە کوردانی ئێزدی.

## بەرایییەک لە بارەی کوردبوونی ئێزدییەکانەوە

نەتەوەی کورد، جیاواز لە نەتەوەکانی تری دونیا، چەندین ئایینی جیاجیا لە خۆ دەگرێت. ئایینی ئێزدی، یەکێکە لە ئایینە کۆنەکان، کە تایبەتە بە کوردانی ئێزدی. «پەیڕەوانی ئاینی ئێزدیاتی خۆیان بە چەند ناوێک دەناسێنن: ئیزدی، یەزدانی، ئیزادی و داسنائی. بێگانەکانیش زۆرجار بۆ سووکایەتی پێکردن پێیان دەڵێن شەیتان پەرست. ئیزدییەکان ٥٪ی سەرجەمی کورد پێکدەهێنن و ئەمڕۆ لە چەند بوارێکی پچڕپچڕدا و بە شێوەیەکی سەرەکی لە باکووری ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، قەفقاز، باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، بەرزاییەکانی چیای شنگار لەسەر سنووری عێراق - سووریا و ناوچەکانی باکووری شاری موسڵ دەژین.» (میهرداد ئیزدەی، ٢٠٠٢، ٦٥)

«ئێزدییەکان بە گرووپێکی نەریتی ناسراون، لە نێو خۆیاندا داخراون، پابەندن بە ڕێورەسمە کۆمەڵایەتی و ئایینییە کۆنەکانیانەوە کە بەپێی یاسا تایبەتەکان ڕێک خراون و هەزاران ساڵ لەمەوبەر دامەزراون. بەو پێیەی ئایینی ئێزیدی وێنەیەکی وردی کۆن پێک دەهێنێت، لە کۆمەڵگە ئارییەکاندا پەرستگای سەرەکییان دەکەوێتە "شێخان» لە نزیک شاری موسڵ لە عێراق و بە «پەرستگای لالش» ناسراوە.» (عايد محمد بدر، ٢٠١٨، ٢٥٣)

لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئەگەر ئێزدییەکان کورد نین، بۆچی لەسەر خاکی کورد نیشتەجێن و پەرستگاکانیان لە ناوچە کوردییەکاندایە؟ کەواتە لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵێک پرسیاری سادەوە، دەگەین بە ڕاستییەکان.

هەر سەبارەت بە کوردبوونی ئێزدییەکان، تەیموور باشا دەڵێت: «ئێزدییەکان مەزهەبێکی کوردن، زۆربەیان لە ناوچەکانی موسڵ و لە ڕووسیادا دەژین، لەنێویاندا مەزهەبەکانی

ناوچەکانی دیمەشــق و بەغــدا و حەلەب لە ناموٚتریــن تەریقەتە زاهیدەکانن.» (احمد تیمور باشا،٢٠١٢، ١٠)

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت چەندیــن نەتەوە و ئایینی جیا لــە خۆدەگرێت و «ئێزدییەکان کەمینەیەکــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتن کە لە ڕووی ڕەچەڵەکــەوە کــوردن، زمانــی ئەوان کوردییــە، بە کوردی دەئاخفــن، نوێژ و نزا و ڕێوڕەســم و کتێبە پیرۆزەکانیشیان بە زمانی کوردییە.» (ڕێبــوار ڕەمەزان بارزانــی، ٢٠١٥، ١٢) ئەمــەش ســەلمێنەری ئەوەیە، کــە ئێزدی کوردی ڕەســەنن و هیچ کەسێک ناتوانێت لە ژێر هیچ پاساوێکدا ئەوان لە کورد جیا بکاتەوە

هــەر ســەبارەت بــە زمانــی کوردانــی ئێــزدی کــە بــە زاری کرمانجــی دەدوێن، یەکێکە لــە شــێوەزارە بەربڵاوەکانی زمانی کوردی. «ئەم زارە چەند شــێوەزارێک لە خۆ دەگرێــت، وەک بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شــەمزینانی، بادینانــی و دیالێکتی خۆرئاوا.» (فوئــاد حەمەخورشــید،٢٠٠٨، ٤١) کەواتە بەهۆی ئەوە کوردانی ئێزدی بە شــێوەزاری کرمانجی دەدوێن، بەشێکن لە نەتەوەی کورد، چونکە لە ناسنامەی نەتەوەییدا، زمان بنەمایەکی گرنگە

تەنانەت کتێبە پیرۆزەکانی ئایینی ئێزدیش بە زمانــی کوردی نووســراونەتەوە. بۆ نموونە: «مەســحەفی ڕەش، بەزمانــی کۆنی کرمانجی نووســراوە و شایانی باسیشــە کە ئەو چەشنە کرمانجییــە لەچەرخی ســیانزەدا، لەناوچەی هەکاریدا شــێوەزاری ئاخافتن بــووە. هەربۆیە زۆربەی لایەنگــرە بەباوەڕەکانــی ئێزدییەکان لەناوچــەی هەکاریی باکوری کوردســتاندانە.» (مەولوود ئافەند، ٢٠١٨، ئێزدییەکان: کوردی ڕەسەنن یا شەیتانپەرەست؟) بەمەش ئایینی ئێزدی دەبێت بە ئایینی نەتەوەیی، چونکە بە زمانی ئەو نەتەوەیە نووسراوەتەوە کە ئایینەکەی تێدا بڵاوبووەتەوە.

## لە بارەی ڕەچەڵەکی ئێزدییەکانەوە:

«بۆچوونــی توێــژەران جیــاواز بــوون لــە ڕوونکردنەوەی ئــەوەی بۆچی بە ئێزدییەکان ناودەبرێــن ئێــزدی: هەندێکیــان وەک ئاماژەیەک بۆ خەلیفــەی ئومەوی یەزید بن معاویە ســەیریان کرد، وایان زانی کە ئەوان لە ڕابردوودا موســڵمان بــوون، دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لــە ئیسلام دوور کەوتنەوە تا بوون بە مەزهەبێکی ســەربەخۆ لە ئیسلام. هەندێکیان هۆکاری ئەم ڕێژەیەیان بۆ شاری یەزدی ئێران گەڕانــدەوە کە ناوەندی ئایینی زەردەشتی بووە.» (أحمد حسن، ٢٠١٧، ١٧٣)

«هەندێکیــان باســیان لەوە کــردووە کە ناوەکە لە وشــەی «یەزدان»ەوە وەرگیراوە، کە بــە هەردوو زمانی کوردی و فارســی بە واتای کیانێکی ئیلاهی دێت.» (أحمد حسن، ٢٠١٧، ١٧٣) بەڵام کۆتــا بۆچوون نزیکترین بۆچوونە، چونکە خودی وشــەکە ناوێکە لــە فەرهەنگی زمانی کوردیــدا هەیە. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا، وشەی (یەزدان) بەرانبەر وشەکانی (خودا، ئێزد، خودێ، بینایی چــاوان، هۆمان، خوا، خودانی عالەمێ، باخوێ)، کــە هەموویان مانای (خودا) دەگەیەنن. کەواتە: خودی ناوی ئایینەکەشیان لە فەرهەنگی زمانی کوردیشدا هەیە.

ڕا و بۆچوونــەکان ئــەوە دەســەلمێنن، ئێزدییەکان بەشــێکی دانەبڕاون، لە نەتەوەی کوردن. بوونــی جۆرێک لە جیاوازیی ئایینی، واتای ئــەوە ناگەیەنێت کە وەکوو کۆمەڵێکی جیــاواز و دوور لــە کــورد تەماشــا بکرێن و مۆرکێکــی تــر، بــە بەرۆکی ناســنامەی نەتەوەییانەوە بنرێــت. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بوونی ئایین و ڕێبازی جیا جیا لە نێو کورددا، هەڵگری هێمای قبوڵکردنی جیاوازیی ئایینی لە نێو یەک نەتەوەدایە.

## ژمارەی ڕاستەقینەی ئێزدییەکان

ســەبارەت بە ڕێژەی کوردانی ئێزدی، چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە و ڕێژەیەکی دیاریکراو نییــە. بەهــۆی «نەبوونی ئامــاری فەرمیی دانیشــتووان، ڕێژەی ئێزدییەکان لە عێراق بە

وردی وردبینی نەکراوە، بەڵام ژمارەیان بەپێی هەندێک سەرچاوە لە نێوان (٤٠٠,٠٠٠ تا ٦٥٠,٠٠٠) کەسە، ئەوانیش گەورەترین گرووپن کە لە کوردستانی عێراقدا دەژین. بەهۆی ئەو ترس و گۆشەگیرییە بەردەوامەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و شێواندنی شوناسیان، گومانی تێدا نییە کە ژمارەیان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەندامانی داعش هێرشیان کردە سەر ناوچەکانیان و کۆمەڵێک تاوانیان بەرانبەر ئەنجام دان.» (رنا جاسم محمد بضز،٢٠٢١، ٣٤٩)

جگە لەو بۆچوونەی سەرەوە، لە بارەی ژمارەی تەواوی ئێزدییەکانەوە، «بە گوتەی «میر تەحسین بەگ» میری ئێزدییەکانی کوردستان و جیهان، لە باشووری کوردستان و عێراق نزیکەی ( ٦٠٠٠٠٠-٧٠٠٠٠٠) و لە جیهان (١٥٠٠٠٠٠) کەس دەبن. بە گوێرەی ئاماری ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە جیهاندا بە (١٥٠٠٠٠٠) کەس مەزندە دەکرێن. بە پێی هەندێک ئامار، ئێزدییەکان بەم شێوەیە دابەش کراون: لە عێراق و کوردستان (٥٠٠٠٠٠)، لە ئەڵمانیا (٦٠٠٠٠)، لە ئەرمەنستان (٦٠٠٠٠)، لە تورکیا (٥٠٠٠٠)، لە ڕووسیا (٤٠٠٠٠) ، لە گورجستان(٢٠٠٠٠)، لە سوریا (١٤٠٠٠)، لە سوید (٤٠٠٠٠) و لە ئوکرانیا (٢٠٠٠) کەسن.» ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی،٢٠١٥، ١٢)

## تێڕوانینێکی گشتی سەبارەت بە چەمکی سیاسەتی بە کەمینەکردن

لە چوارچێوەی دەوڵەتێک یان میرێکدا، کەمینەکان بەو کەمینە ئایینی و نەتەوەییە دەوترێن، کە ڕێژەی دیاریکراویان هەیە. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کەمینەکان بەم شێوەیە پێناسە دەکات: «کۆمەڵە نیشتمانییەکان لە کۆمەڵگادا، بەخشراون بە نەریتی تایبەت و هەندێک تایبەتمەندیی نەتەوەیی، ئایینی یان زمانەوانی کە بە ڕوونی جیاوازن لەگەڵ باقی دانیشتووانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو. ئەوانەی ئارەزووی ئەوە دەکەن هەمیشە ئەو نەریتە تایبەتانە بپارێزن.» (د. شاهر إسماعيل الشاهر، ٢٠١٩، ١٣٧)

کەمینەکان بەهۆی ئەوەی ڕێژەیان کەمە و ناتوانن لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی، گۆڕانکاریی گەورە بکەن، زۆرجار لە وڵاتە فرەهێزەکاندا ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و ستەملێکردن دەبنەوە و بە ڕێگەی جیاجیا، چ بەڕێکاری سیاسی بێت، یان سەربازی، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەناوبردنیان دەدرێت؛ بەڵام لەو وڵاتانەی تا ڕادەیەک ئاشتی و دیموکراسی تێیاندا بەرقەرارە، دەتوانن پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن.

سیاسەتی بە کەمینەکردن، یەکێکە لەو هەوڵانەی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات پەیڕەوی دەکات بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی نەتەوەیەک یان ئایینێک لە وڵاتێکدا. بێگومان ئەمەش چەندین ڕێکاری هەیە و بە پێی پێڕەوی ڕامیاریی ئەو وڵاتە دەگۆڕێت. بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتدا پێڕەوی پاشایەتی هەبێت، ئەوە ڕاستەوخۆ پاشای وڵات بڕیارێک دەردەکات و بەشێوەیەکی ئاشکرا دژایەتیی ئەو نەتەوەیە دەکات و لە ڕێگەی سیاسەتی بە کەمینەکردنەوە، هەموو هەوڵێک دەخاتە گەڕ بۆ لاوازکردنی ئەو نەتەوەیە؛ بەڵام ئەگەر پێڕەوی پەرلەمانی بێت، ئەوە لە ڕێگەی دەنگ کۆکردنەوەوە ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکرێت.

سیاسەتی بەکەمینەکردن، لە ژێر هەر پاساوێکدا بێت، ئامانجی لێسەندنەوەی توانا و هێزی نەتەوەیەکە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەو نەتەوەیەوە. هەروەها هەندێک جار ئەمەندە چڕ و دڕندانە پەیڕەو دەکرێت، بەرەو پاکتاوکردنی ڕەگەزی پەل دەکێشێت و چەندین تاکی ئەوە نەتەوەیە لە ڕێگەی چەکی کۆمەڵکوژەوە لە ناو دەبرێن.

هەندێک جار سیاسەتی بە کەمینەکردن، لە چوارچێوەی سەرژمێریی دانیشتوواندا ئەنجام

دەدرێت، واتا پاش ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتووان لە وڵاتێکدا، ڕێژەی ڕاستەقینەی ئەو نەتەوەیەی مەبەستیانە ڕێژەکەی کەم بکەنەوە نانووسرێت؛ بەڵکوو ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لەو ڕێژەیەی لە سەرژمێرییەکەدا دیاری کراوە، دادەنرێت. خودی سەرژمێریی دانیشتووان «بە واتا بەرفراوانەکەی، بەکاردێت بۆ دەربڕینی ژمارەی دانیشتووان کە لە ڕێگەی ژماردنەوە کۆکراونەتەوە و پەیوەندیی بە ڕاستییەکان و دروستیی ژماردنەکانەوە هەیە.» ( سعد عبد الرزاق محسن، ٢٠١٥، ٥٣٢) نەگەیاندنی ڕاستییەکان وەکوو خۆی لە سەرژمێریی دانیشتووان، لە پێناو هەوڵدان بۆ بەکەمینەکردنی ئەوانی تر، یەکێکە لەو ناپاکییانەی بەرانبەر بە دانیشتووان دەکرێت.

## هەوڵە نوێیەکانی سیاسەتی بە کەمینەکردن لە ئاست کوردانی ئێزدیدا

کوردانی ئێزدی، بە درێژاییی مێژوو ڕووبەڕووی چەندین ستەم و زۆرداری بوونەتەوە و هەوڵ دراوە، لە پێگەی ئاینی و نەتەوەییان کەم بکەنەوە. دیارە ئەمەش تەنها بە هۆکاری ئەوە بووە کە ئێزدییەکان کوردن و وەکوو هەموو تاکێکی تری کورد هەوڵی لە ناوبردنیان دراوە

ئێزدییەکان ئەزموونێکی تاڵ و ناهەمواریان لەگەڵ سیاسەتی بە کەمینەکردندا هەیە و بە درێژاییی گۆڕانکاریی ناوچەکە و هاتنی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکان، ڕووبەڕووی گەلێک ئاڵنگاری بوونەتەوە. کوردانی ئێزدی «لە مێژوودا، دەیان جار بەر هەوڵی جینۆساید کەوتوون و ڕووبەڕووی هەموو جۆرە تیرۆر و گۆشەگیرییەک بوونەتەوە، لە ناشتنی زیندووەکان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا، لەباربردنی کۆرپەلەی ژنی دووگیان و بەدیلکردنی کچان لەبری باج، پاشان ئاوارەبوون و بەعەرەبکردن و ئەنفالکردن و هتد.» (عزالدين سليم باقرى، ٢٠٠٢، ٥)

جگە لەمەش چەندین جار ناوچەکانیان بەر شاڵاوی بە عەرەبکردن کەوتووە و هەوڵ دراوە شوناسی کوردبوون لە ناوچەکەکانیان بسڕدرێتەوە. «سەرەتای ڕاستەقینەی بەعەرەبکردنی ناوچەی شنگال دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترۆڵی موسڵمانان بەسەریدا لە ساڵی ٢٠ی کۆچی/٦٤٠ی زایینی دوای ئەوەی لەلایەن ڕێبەری ئیسلامی «ئەیاد کوری غانم»ەوە داگیرکرا. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، پێش فەتحی ئیسلامی، شنگال عەرەبی لێ نەبووە. وەک مێژوونووس «ئەلبەلادوری» لە کتێبی فەتحکردنی وڵاتاندا باسی لەوە کردووە کە پێش ساڵی ٢٠ی کۆچی/٦٤٠ی زایینی، لە ناوچەی شنگالدا عەرەب نەبووە. مانەوەی عەرەبەکان لە ناوچەیەکی تەواو کوردیدا دەگەڕێتەوە، بۆ شوێنی سەربازی و بازرگانی، بە ئامانجی دەستەبەرکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەم هەرێمە گرنگە.» (د.سعيد خديده علو، ٢٠٢٠، ١) ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر ڕێژەی دانیشتووانی ناوچەکە کردووە، بە تایبەتی دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و ناساندنی وەکوو دەوڵەتێکی عەرەبی.

لە ئاڵۆزییەکانی سووریا، کە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دروستبوونی داعش، ئێزدییەکانی ئەو ناوچەیە زبرێکی ئاگرینیان بەر کەوت. بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کە لە ماوەیەکی کەمدا، توانی دەست بەسەر بەشێک لە خاکی ئێراق و سووریادا بگرێت. ناوچەی کوردانی ئێزدیش، بەشێک بوو لەو ناوچانەی کەوتنە دەست ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش.

«دوای ئەوەی داعش هێرشی کردە سەر ناوچەکانیان لە ٤ی مانگی ئابی ٢٠١٤، ژمارەیەکی زۆریان کۆچیان کرد بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی بەتایبەت ئەڵمانیا و سوید» (عايد محمد بدر، ٢٠١٨، ٢٥٣) ئەمەش ڕێژەی کوردانی ئێزدیی کەم کردەوە و زیاتر ژمارەی کوردی بەرەو کەمینەبوون برد.

نوێترین هەوڵ لە سیاسەتی بە



کەمینەکردندا، لەم دواییانەدا بریتییە لەوەی «١٨٢ پەرلەمانتاری عێراق واژۆیان لەسەر پێشنیاری «نەتەوەی ئێزدی» کردووە و دەیانهەوێت ئێزدییەکان وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بناسرێن و لە کورد جیایان بکەنەوە. ئەوەش نارەزایەتییەکی زۆری کوردانی ئێزدیی لێ کەوتووەتەوە.» (پەیمان محەممەد، ٢٠٢٤، کەس مافی ئەوەی نییە لەبری ئێزدییان بڕیار بدات، کەناڵی ڕووداو) واتا زیاد لە نیوەی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی ئێراق، واژۆیان لەسەر ئەم پێشنیارە کردووە. ئەگەرچی هەندێکییان شارەزاییەکی زۆر کەمیان لە بارەی مێژوو و ڕەچەڵەکی کوردانی ئێزدییەوە هەیە.

ئەم هەوڵە لەلایەن خودی کوردانی ئێزدی و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کوردانی ئێزدییەوە، چەندین لێدوان و نارەزایەتیی لێ کەوتەوە و زۆرێک لە ئێزدییەکان هەڵوێستی نەتەوەییان هەبوو؛ بۆ نموونە: «د. عیرفان ئۆرتاج، سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکاریی ئێزدی لە ئەڵمانیا، لەبارەی پێشنیاری ‹‹نەتەوەی ئێزدی›› کە ژمارەیەک پەرلەمانتاری عێراقی واژۆیان کردووە، رایگەیاند: «کاتێک ئێزدییەکان خۆیان بە کورد دەزانن، ئیدی مافی کەس نییە لەبری ئەوان بڕیار بدات›.» (پەیمان محەممەد، ٢٠٢٤، کەس مافی ئەوەی نییە لەبری ئێزدییان بڕیار بدات، کەناڵی ڕووداو)

لە بارەی ئەم هەوڵە قێزەونەوە، ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزدی، پەیامێکی بڵاوکردەوە و تێیدا دەڵێت: «بەتوندی هەوڵدان بۆ گۆڕینی ناسنامەی ئێزدی لە کوردەوە بۆ هەر نەتەوەیەکی دیکە و دەستکاریکردنی ئەم ناسنامەیە ڕەت دەکاتەوە. ئێزدییەکان بەشێکی دانەبڕاو لە گەلی کوردن و ڕەگ و ریشەی مێژویی و ڕۆشنبیرییان بە قووڵی لەخاکی کوردستاندا چەسپاوە و شانازی بەکوردبون و ئاینی ئێزدیی خۆمانەوە دەکەین. ئێزدی ئایینێکی کۆنە و مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و بەشێکە لەمیراتی مێژینەی گەلی کورد. ئێزدییەکان

بەزمانی کوردی قسە دەکەن، داب و نەریتی ئەوانیش لەگەڵ کولتووری گشتیی کوردیدا دەگونجێت، بەدرێژاییی سەدەکانیش سەرەڕای ئەو ئاستەنگ و کێشانەی ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، ناسنامەی ئایینی و نەتەوەییی خۆیان پاراستووە». ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزدی دەشڵێت: «پاراستنی ناسنامەی کوردبوون مافێکی سروشتی و ئەرکێکی پیرۆزە و بەشێکی دانبڕاوە، لە پاراستنی میراتی کولتووری و ئایینیی گەلی ئێزدی و گەلی کورد بە گشتی.»» (شانازی بەکوردبون و ئایینی ئێزدیی خۆمانەوە دەکەین، ٢٠٢٤، ماڵپەڕی ئاوێنە)

جگە لە هەڵوێستی پیاوانی ئایینیی ئێزدی، زۆرێک لە سیاسەتمەداران دژ بەم هەوڵە مەترسیدارە هەڵوێستیان نواند. «زیدۆ باعەدری، ڕاوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان و کەسایەتیی ئێزدی لەبارەی ئەو هەوڵە بەرانبەر گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییی ئێزدییەکان گوتی: «کەسانێک دەستیان بەوە کردووە ناسنامەی ئێمە بگۆڕن بە ناسنامەیەکی نوێی نەتەوەیی، ئەوە لەگەڵ ئێزدییەکان ناگونجێ؛ چونکە ئێمە کوردین و کوردستانیین. گوتیشی، پەرلەمانی عێراق کاری ئەوەیە تاوانبارانی داعش بداتە دادگا، لەبری ئەوە ناسنامەی نەتەوەییی ئێزدی و کوردایەتیی ئێمە دەگۆڕن.» (ئەوانەی دەیانەوێ ناسنامەی نەتەوەییی کوردی ئێزدی بگۆڕن کاری داعش تەواو دەکەن، ٢٠٢٤، کەناڵی کوردستان ٢٤)

ئەم کەسایەتییانە و چەندین کەسایەتیی تر، لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا هەڵوێستیان لەسەر ئەم پرسە هەبووە و لە لێدوان و نووسراوەکانیاندا ڕووبەڕووی بوونەتەوە و بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر پرسی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەییی کوردیان زانیوە.

## مەترسییەکانی دەرکەوتنی کوردانی ئێزدی وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ

هەموو هەوڵێک کە لە چوارچێوەی سیاسەتی بەکەمینەکردندا بێت، مەترسیی خۆی هەیە بۆ سەر ئەو نەتەوەیەی سیاسەتەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. دیارە کوردانی ئێزدیش یەکێکن لەو نەتەوانەی سیاسەتی بە کەمینەکردن، کاریگەریی نەرێنی و مەترسیداری بەسەریاندا بەجێهێشتووە کە دەتوانین ئەو کاریگەرییانە لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە:

**١ ڕەنگە لە داهاتوودا، وەکو هێزێک دژ بە کورد بەکاربهێنرین**

دروستکردنی هێزێکی چەکدار، یەکێکە لە هەر دیاردە باوەکانی ئێستای ئێراق و هەر حیزبێک هێزێکی چەکداری هەیە؛ بگرە لە نێو یەک حیزبدا، چەندین هێزی چەکدار هەبێت، ئەمەش لە خۆیدا دیاردەیەکی نەرێنییە و چەندی گەندەڵی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر لە داهاتوودا ئێزدییەکان بکرێن بە نەتەوە، ئەوە بێگومان هێزی چەکداریان بۆ دروست دەکرێت و ئەو هێزەش دژ بە کورد بەکاردەهێنرێت، چونکە ئەم پرۆژەیە کە ئاراستەی پەرلەمانی ئێراق کراوە، لە لایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبرێت کە دژ بە دۆزی کورد دەجوڵێنەوە.

**٢ لە سەرژمێریی دانیشتوواندا ڕێژی کورد کەم دەکات**

وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێ داوە، ژمارەی کوردانی ئێزدی لە عێراقدا زیاد لە نیو ملیۆنە، جا ئەگەر ئەم نیو ملیۆنە لە کورد جیا بکرێنەوە، ئەوە ڕێژەی کورد لە ئێراق و هەموو جیهاندا، نیو ملیۆن کەم دەکات.

**٣ دووبارە ڕووبەڕووبوونەوەی پاکتاوی ڕەگەزی**

ئەگەر ئێزدییەکان بە کەمینە بکرێن، ئەوە ئەگەری هەیە لە داهاتوودا زیاتر ڕووبەڕووی جینۆساید و بەکەمینەکردن ببنەوە؛ تەنانەت ڕەنگە لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە هەوڵی بە کەمینەکردنیان دەدرێن، ڕووبەڕووی جینۆساید ببنەوە. کەواتە مەترسییەکە لە

مەترسییەکی نەتەوەیییەوە دەپەڕێتەوە بۆ مەترسییەکی مرۆیی.

### ۴ کەمبوونەوەی میراتی مێژووی کورد

کوردانی ئێزدی، خاوەنی بەشێکی گرنگی مێژووی نەتەوەییی کوردن و لە پڕکردنەوەی سەرەتا لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورددا بەشدارن. بۆ نموونە «کاتێک باس لە ئەدەبی کوردی دەکرێت، بێگومان دەبێ ناوی عەرەبی شەمۆ و یەکەم ڕۆمانەکەی «شوانی کورد» بهێنرێت. چونکە عەرەبی شەمۆ هەر تەنیا نووسەرێک نەبووە. ئەو بە نووسینی یەکەم ڕۆمانی خۆی «شوانی کورد» بناغەی ئەدەبیاتی نۆژەنی کوردیی دارشت.» (ئیکرام ئۆغوز، ۲۰۲۲، عەرەبی شەمۆ شوانی زمانی کوردی) عەرەبی شەمۆ بە ڕەگەز کوردێکی ئێزدییە، کەواتە بە جیاکردنەوەی ئێزدییەکان لە نەتەوەی کورد، بەشێک لە مێژووی کورد دەفەوتێت.

### ۵ لاوازبوونی پێگەی ڕامیاریی ئێزدییەکان

ئێستا بەشێکی زۆر لە ئێزدییەکان، لە پاڵ کۆمەڵە ڕامیارییە کوردەکان، ژیانی ڕامیاریی خۆیان ئەزموون دەکەن؛ ئەمەش دەرفەتی زیاتر بەو سیاسەتمەدارە ئێزدییانە دەدات، بۆ ئەوەی باشتر بەرگری لە پرسی ئێزدییەکان و داکۆکی لە مافەکانیان بکەن. بەڵام ئەگەر لە پاڵ کۆمەڵە ڕامیارییە ناکوردەکان دەست بە چالاکیی ڕامیاری بکەن، یان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەشداری بکەن، ئەوە بە دڵنیاییەوە پێگەیان لاواز دەبێت.

## ئەنجام

ئێزدییەکان کوردی ڕەسەنن و جیاکردنەوەیان لە نەتەوەی کورد، ستەمێکە کە لەوان دەکرێت. هەروەها ئەو هەوڵانەی دژی ئێزدییەکان دەدرێت، لە چوارچێوەی سیاسەتی بە کەمینەکردندا کاریان لەسەر دەکرێت و لە ژێر کۆمەڵێک بنەمای بەرنامەدارێژراودا دامەزراون کە لە پشت کۆمەڵێک هێز و دەوڵەتی ناوچەکەوە ئەم جۆرە سیاسەتە پەیڕەو دەکرێت.

## سەرچاوەکان


١.میهرداد ئیزەدی و کامەران فەهمی، ئایین و تایفە ئایینییەکان لە کوردستاندا، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ک) چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٢.

٢.ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جێنۆسایدی کوردانی ئێزدی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی جەمال عیرفان، ٢٠١٥.

٣.پەیمان محەممەد، کەس مافی ئەوەی نییە لەبری ئێزدییان بڕیار بدات، کەناڵی ڕووداو، ٢٠٢٤، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0706202418

۴.شانازی بەکوردبون و ئایینی ئێزدیی خۆمانەوە دەکەین،، ماڵپەڕی ئاوێنە، ٢٠٢٤، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0706202418

٥.لەجیاتی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییی کوردانی ئێزدی، با خزمەتیان بکەن، ماڵپەڕی Kdp, ٢٠٢٣، https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=142916

۶.ئەوانەی دەیانەوێ ناسنامەی نەتەوەییی کوردی ئێزدی بگۆڕن کاری داعش تەواو دەکەن، ۲۰۲۴، کەناڵی کوردستان ۲۴، https://www.kurdistan24.net/ckb/story/259559-(لل

٧ ئیکرام ئۆغوز،، عەرەبی شەمۆ شوانی زمانی کوردی، ٢٠٢٢، ماڵپەڕی کوردستانی نوێ، https://knwe.org/KU/Details/3475

٨.د. شاهر إسماعیل الشاهر، التفتیت بالأقلیات (الأقلیات وعدم الاستقرار السیاسی للدول) مجلة روافد، المجلد ٠٣، العدد)٠٢(، دیسمبر ٢٠١٩

٩.عاید محمد بدر، الطبقات الاجتماعیة والدینیة للمجتمع الایزیدی، رسالة المشرق ، ٢٠١٨

١٠.أحمد حسن، الحیاة الدینیة والثقافیة للإیزیدیین الکرد السوریین، العدد الثانی – آب/ أغسطس ، ٢٠١٧.

١١.رنا جاسم محمد بضز،بواعث ارتکاب الإبادة الجماعیة للإیزیدیین، المؤتمر العلمی الدولی الثانی حول الإبادة الجماعیة/ مرکز دراسات الإبادة الجماعیة، جامعة دهوک٢٧– ٢٨ کانون الثانی ٢٠٢١.

١٢.د.سعید خدیده علو شنکال (سنجار) ١٩٢١-١٩٨٠ دراسة فی تعریب المنطقة من قبل الحکومات العراقیة،٢٠٢٠.

١٣.سعد عبد الرزاق محسن، التعدادات السکانیة التی جرت فی العارق (عرض وتقییم)، مجلة کلیة التربیة الأساسیة للعلوم التربویة والإنسانیة / جامعة بابل، آب/٢٠١٥م

١۴. عبدالرحمن شرفکندی، «هەنبانە بۆرینە، فرهنگ فارسی-کردی»، ویراستیار: محمدماجد مردوخ روحانی، تهران: انتشارات سروش، (١٩٩٠).

١٥. احمد تیمور باشا و منشا نحلتهم، مؤسسة هنداوی، الطبعة الاولی، القاهرة، ٢٠١٢.

١۶. فوئاد حەمەخورشید، زمانی کوردی و زارەکانی، دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٧. مەولود ئافەند، ئێزدییەکان: کوردی ڕەسەنن یا شەیتانپەرەست؟ ٢٠١٨، https://www.kurdistanpost.nu/?m